**ئاگادارییەکی گرنگ بۆ کوردانی شاری کۆلن /ئەڵمانیا و دەوروبەری**

**خوشکان و برایانی کورد :**
**هەموومان دەزانین ژیانی غوربەت و دووری دەردو ئازارو زامی تایبەت بە خۆی هەیە!، لە زۆر بوارەکانی ژیاندا و بە تێپەڕ بوونی کات ، جەستەو دەروون توشی ئازارو بێ تاقەتی دەبێت! . منالەکەنمان لە دوو فەرهەنگی ماڵەوەو دەرەوە دا گەشە دەکەن کە پارسەنگ کردنی لە لایەن خێزان و باوکان و دایکانەوە سەخت و گرانە !، ئیش و کاری بەردەوام و ماندووبون و هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێداویستییەکان و گرفتی زمانی و کولتووری و جیاوازی دابو نەریت و بیرو ڕا !، کێشەی خوێندن و کار بۆ گەنجەکانمان و لەیەکتر تێ نەگەیشتن لە زۆربەی ماڵە کوردەکاندا بەرجەستە بووە ! ، سەرەڕای ناکۆکی نێوان ژن و مێردایەتی و لێک ترازانی شیرازەی خێزان و سەرگەردانی منالّ و زۆر هۆکاری تر وایکرد کۆمەڵێک کەسانی دڵسۆزو پسپۆڕ لە بوارەکانی ژیاندا، سەنتەری کولتووری کوردی لە شاری کۆلن _ئەڵمانیا بە ڕەسمی رۆژی یەکی تشرینی یەکەمی 2007 بکەنەوە و ڕۆژانە بە خولی زانستی و هونەری و وەرزشی و فێر بوونی زمانی کوردی بۆ منداڵان دەست بەکاربن ولەهەمان کاتدا لە بواری ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی و خێزانی و دەروونی و کاروباری گەنجان و قەیرانی ئەو قۆناغە بە هاونیشتمانیان کۆمەک بکەن.**
**ئەم سەنتەرە لە پلان و نەخشەیدایە ببێتە ماڵی دووەمی هەموو کوردێک و ئەرکی نەتەوەیی خۆی لە خزمەت بە ڕەوەندی کورد بە شانازی یەوە بەجێ بگەیەنێت.**
**شوێن :**

Ebertplatz 23
50668 Köln

**سەنتەری کولتووری کوردی –کۆلن**
**بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن تا کردنەوەی سەنتەر بەم ژمارانەوە پەیوەندی بگرن :**
**تەلەفون :**
01772860773
01787663768